# جڤاکی کوردیی و بزاڤە بازنەییەکانی

## دیدی هێگل لەمەڕ نەگۆڕی دەسەڵاتە نەریتگرەکانی ڕۆژهەڵاتییدا

**بەشی یەکەم**

**هەندرێن**

### دەروازەیەك

ئایا دەکرێ بڕوا بەوە بهێنین، کە کۆمەڵگایەک، بۆ نموونە، کۆمەڵگای کوردی لە بنەڕەتدا هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نایێ، بەڵکوو تەنیا لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە هەمیشە دووبارە هەمان وێنەی نەگۆڕی خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە؟ گەلۆ چما کورد دوای ئەو هەموو بەرخۆدان، هەرەس و گیانبەختکردنە بێ هەژمارانەی کە سەدە لە دوای سەدە پێشکەشی کردووە، کەچی تازە بە تازە نوێنەرانی پارتە سیاسییەکانی بە جیهان رادەگەیەنن کە سەربەخۆیی و دەوڵەتی کورد "خەونی شاعیرانەیە" یان کورد بە خۆی توانای بەڕێوەبردنی خۆی نییە"، بۆیە ئەوان دەخوازن دەسەڵاتی نەتەوە سەردەستەکان مافی کولتووریان بدەنێ؟

دیارە ئەو پرسیارانە لەو چاوگەوە هەڵدەقوولێن ، کە ئەوە چ مەتەڵێکە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی بە گشتیی و کۆمەڵگای کوردییش بە تایبەتی سەتە دوای سەتە، قۆناغ لە دوای قۆناغ، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، هەمیشە بە دەوری هەمان نەریتی چەقبەستووی خۆییەوە دەخوولێتەوە؛ تەنیا روحی هەرەسگری خۆی بەرهەمیدەهێنێتەوە. هاوکاتیش، وێڕای سەرگێژبوونی کورد بە دەست ئەو پرۆسە نەگۆڕەوە، کەچی، بە گوێرەی ئاگایی من، هێشتا لێکۆڵینەوەیەک، راڤەی نووسەرێک یان سیاسەتڤانێکی کوردم نەخوێندۆتەوە کە لەوێدا بە تێری بەرسڤێکی زانستی، بەڵگەدار و ئاکامگیرییەکی خەملیووی بۆ ئەو پرسیارە ئاڵۆزە؛ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەرەسی بەرخۆدانەکانی کوردی دابێتەوە. لێ جێگەی سەرنجە هێگل لە کاتی خۆیدا، بەر لە سەد و حەفتا ساڵدا ، بەر لەوەی ئەو مەتەڵ، تەنگژەیە ئێمە دۆشداماو بکا، بەرسڤێکی سەرنجکێشی بۆ ئەو پرسیارە سادە و لە هەمان کاتیشدا ئاڵۆزانەی ئێمە پێشکەشکردووە. لێرەوە دەکرێ ئەو تێڕوانینەی هێگل ببێتە وروژاندنێک یان رۆشناییەک بۆ جۆرە تێگەیشتنێک لەو تەنگژەیەی کە بوونی کوردی لەو دۆخە نەگۆڕ و ویستی ئازادییە بێبەری کردووە.

دیارە هەرچەندە بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدەش، کە گشت حیزب و نووسەری کورد خۆیان بە میراتگرێکی راستەقینە مارکسیزم یان چەپڕۆ دەزانی، - ئێستاش زۆرینەیان شاگردی چەند نووسەرێکی مارکسستین یان خۆیان بە چەپڕۆ دەزانن-، کەچی زۆرینەی ئەو بەناو سیاسیی و نووسەرە چەپڕۆیانە، بێجگە لە ئەزبەرکردنی لینگاوقووچی چەند وتەیەکی هێگل، مارکس، ماو، ترۆتسکیی و لینین بترازێ هیچی تریان بە ئەرکی خۆیان نەزانیووە یان نەخوێندۆتەوە، رەنگە

ئێستاش نەیزانن و نەخوێننەوە، لەبۆیە ئەو بەناو مارکسیست و چەپڕۆیە دروشم ئەزبەرکارە جیاوازانەی کورد درکیان بەو بیرۆکەی هێگل نەکردووە یان هەر نەشیاخوێندبێتەوە یان تێنەگەیشتبن، یان نزانم! کە باس لە رەهەندی ئەو دووبارە بەرهەمهێناوەیە لە روحی مرۆڤ و دەسەڵاتی رۆژهەڵاتییدا دەکا.

بە هەمە حاڵ، لێرەدا دەخوازم ئەوە بە یادی خوێنەر بهێنمەوە، کە لە بواری خوێندنی بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان (هومانیۆرا/humaniora) بە گشتیی و بە تایبەتیش بەشی خوێندنی مێژووی هزر، کە بە سویدی (Idèhistoria)ی پێدەڵێن و رەنگە بە ئینگلیزیش ببێتە "The history of Ideas"، لەوێدا بیرۆکەگەلێکی وەک: دەوڵەت، جیاوازی نەتەوەکان، هۆکردی سەرهەڵدانی بیرۆکەکان، کۆمەڵگا، ئازادی، ماف، کاری چاکە، ژیانێکی شکۆمەند... هتد، بابەتگەلێکی سەرەکی خوێندنن. گشت ئامانەش بە فەیلەسووفگەلێکی "پێش سۆکراتییەکان"، پلاتۆ و ئەریستۆوە هەتا دەگاتە فەیلەسووفانی ئەمڕۆ گرێدەدرێن. کەواتە ئەرکی مێژووی هزر ئەوەیە، کە چۆنییەتی رۆڵی ناوکۆیی مێژوو لە بەرهەمهێنانی ئەو بیرۆکە، هزر و هزرڤانانە شیبکاتەوە. هاوکاتیش ئەرکی مێژووی هزرڤان ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بابەتانە بکا، کە بۆ نموونە، لە ناوکۆییەکی مێژووییدا چۆن و بە چ شێوەیەک بیرۆکەیەکی مێژوویی، دەقێکی فەلەسەفیی و رۆڵی کەسایەتییەکی مێژوویی سەریانهەڵداوە و پاشان لە ناوکۆییەکی مێژوویی جیاوازاد رەنگیانداوەتەوە. لەو روانگەیەوە، هەندێ دەقی گەورەی فەیلەسووف و داهێنەران بە گشتی هەن، کە هەر تەنیا لەو مێژووەی کە نووسراون نامێننەوە، بەڵکوو لە مێژووەکانی دوای خۆشیانەوە هەر بە زیندوویی دەمێننەوە. لێرەوە دیدگەی مێژووی هزر دەبێتە بابەتێکی سەرنجکێش. من لە کاتی خوێندنی مێژووی هزردا لە زانستگایەکی ستۆکهۆلم، "سۆدەرتۆرن" تێگەیشتم کە هەندێ دەقی گەورەی فەیلەسووف و هزرڤانان هەن کە کاریگەرییەکانیان هەمیشە رەنگدانەوەی هەیە، یان بە کورتی بەهایەکانیان لە کات و شوێنێکدا نامێنێتەوە، بەڵکوو لە هەموو شوێنێکاتێکدا ئامادەیان هەیە. بەهای ئەو دەقە گەورانەش لەوەدایە، کە بۆ نموونە، منێکی کورد دەتوانم لە شوێنکاتییێکی وەک ئەورووپادا دەقێکی لەو تەرزە دەقە گەورانە، کە رەنگە لە سەردەمێکی زووشدا نووسرا بێت، بخوێنمەوە و بۆ وەڵامی پرسیارە سەختەکانی کۆمەڵگایەکەم کۆمەکیم بکات. بەمجۆرە یەکێک لەو فەیلەسووفانەی کە خاوەنی دەقی گەورەیە، هێگلە.

لەوروانگەیەوە، لەم وتارەدا هەوڵدەدەم لە روانگەیەکی مێژووی هزرییەوە، واتا چۆن لە بیرۆکەیەک کە لە ناوکۆییەکی مێژوویدا لە دایکبووە، کەچی هەمان بیرۆکە لە ناوکۆیی مێژووییەکی تەواو جیاوازدا رەنگدەداتەوە یان دووبارە کاریگەریی بەسەر بیرکردنەوەی بزاڤە رۆشنبیریی و سیاسییەکانی دوای خۆیدا بەجێدەهێڵێ، بە خوێندنەوەیەک لە بیرۆکەی هێگل، لە کتێبی "فەلسەفەی مێژوو/Historiens filosofi"دا بە تایبەتیی و لە "ئاوەز لە مێژوو/Förnuftet i historien"دا بە گشتیش (هەردوو کتێبەکە بە زمانی سویدییە)، تەرزە راڤەیەک لەو پرسیارانە بکەم، کە لە دەستپێکدا

ئاراستەم کردن. بە کورتی هێگل لەو دەقەدا باس  لە پرۆسەیەکی ژیربێژیی مێژووی جیهانی دەکا کە دوا ئامانجی گەیشتنە بە ئازادی، کۆمەڵگایەکی مۆدێرن، دەوڵەتی نەتەوەیی. هاوکاتیش هێگل لە "فەلسەفەی مێژوو"دا وێنایەک لە کرۆکی روحی کۆمەڵگا و دەسەڵاتی رۆژهەڵاتییدا نمایشدەکا، کە بە واتای ئەو، دەسەڵاتی کۆمەڵگایەکانی رۆژهەڵات بە هۆی روحی تاکپەرستیی و نەبوونی پرینسیپی ئازادییەوە، وەک بازنەیەک، بە دەوری خاڵێکدا دەخوولێنەوە کە هێمای دەسەڵاتدارێکی تاکڕەو دەنوێنن. لەو دیدەوە، خوێندنەوە و تێگەیشتن لە بزاڤەکانی کورد، کە هەمیشە لە هەمان بازنەدا دەخولێنەوە، هەمان وێنای بزاڤەکانی پێش خۆیان بەرهەمدەهێننەوە، دەبێتە پرسیارێکی بنەڕەتی ئێمە. وەک دەزانین، بزاڤە رۆشنبیریی و سیاسییەکانی کورد، وێڕای خەبات و قوربانییەکانی، کەچی هەتا ئێستاش نەیانتوانیوە نە ئەو کۆمەڵگایە نەریتگرە بگۆڕن و نە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەو مێژووەش، واتا ئازاد بوونی کورد لە بندەستیی و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی بەرجەستەبکەن، کە هێگل ئەو ئازادیی و دەوڵەتە بە ئامانجی سەرەکیی نەتەوە دەزانێ.

هەڵبەتە ئەم راڤەکارییەی من زیاتر تایبەتە بە رەوشی بزاڤە رۆشنبیریی-سیاسییەکانی باشووری کوردستان، لێ هاوکاتیش پرس و گرفتی بزاڤەکانی هەموو کوردستانیش ناکەوێتە دەرەوەی راڤەکەمانەوە ، چونکە لە بنەڕەتدا وێنای بزاڤە سیاسییەکان لە هەموو لەتەکانی دیکەی کوردستاندا لەگەڵ باشووردا جیاوازییەکی بنەڕەتیان نییە، چونکە قەدەری ئەو بەشانەش هەمان دووبارە بەرهەمهینانەوەی روحی نەگۆڕیی کۆمەڵگا و بندەستیشە.

لێ هاوکاتیش ئەم وتارە نمایشکردنی کۆی وردەکاریی و ئاڵۆزییەکانی جیهانی فەلسەفەی هێگل و ئەو دوو کتێبەش نییە کە لەسەرەوە ئاماژەم پێکردن. چونکە خوێندنەوەی هێگل ئەرکێکی ئاسان نییە و پێویستی بە تەرخانکردنی کاتێکی تایبەت و توانایەکی تایبەتیش هەیە. لەم بارەیەوە، وەک ئاماژەیەکیش بێ، حەز دەکەم سەبارەت بە سەختی فەلسەفەی هێگل، ئەوە بە یادی خوێنەر بهێنمەوە، کە ئەو کاتەی مێژووی هزرم دەخوێند یەکێک لە مامۆستایەکانمان، کە پسۆڕی فەلسەفەی ئەڵمانی بە گشتی و بە تایبەتیش هێگل بوو، زۆر جار بە دەم ئاخاوتنەکانییەوە دەیگوت: خوێندنەوەی هێگل وەک ئەوە وایە، کە هێگل لە ناو ژوورێکی دەرگا داخراودا بئاخڤێ و تۆی گوێگریش لەودیو دەرگاوە گوێی لێبگری.

وێڕای ئەمەش، لەم وتارەدا مەبەستمان نییە رەخنە لەو بیرۆکەی هێگل لەمەڕ روحی دەسەڵاتی باوکسالاریی رۆژهەڵات یان بە گشتی رەخنە لە رەهەندی فەلسەفە ئۆرێنتالیستەکەی بگرین. هەڵبەت، خوێنەری فەلسەفە بە گشتیی و فەلسەفەی هێگلیش بە تایبەتی بێبەریی نییە لەوەی کە فەلسەفەی سیاسیی هێگل پەیوەندی بەو لۆگیکە، ژیربێژییەوە هەیە کە هێگلی پێدەناسرێتەوە. لێبەلێ، ئەگەر خوێنەرێک بخوازێ بە وردی لەو پرۆسە ژیربێژییەی مێژووی جیهانی هێگل فامبکا، دەتوانێ ئەو دوو کتێبەی کە لەسەرەوە ئاماژەم پێکردن بخوێنێتەوە. بە کورتی دیدی مێتافیزیکی هێگل لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە، کە بوون، ژیانە سنووردارەکان بە هۆی بوونێکی بێکۆتاییەوە بە دیار دەکەون.

بە دەربڕینێکی مێتافیزیکی دەکرێ بێژین، کە ئێمە بە هۆی خواوە هەین و بوونمان دەناسینەوە. لەبۆیە بوونە دیاریکراوەکان مەحف دەبنەوە، لێ ئەو بوونە بێکۆتاییە لەناو ناچێ. بەڵام ژیانی مرۆڤ دابڕاو نییە لەو بوونە دیاریکراوە. لێرەوە بە هەمان شێوە دەوڵەتیش لە مێژوودا وێنایەکە یان دەربڕینێکە لەو بوونە بێکۆتاییە. بەمجۆرە دەوڵەت لە دەرەوەی هاووڵاتیاندا، بوونی نییە، بەڵکوو ئەوە نەتەوەیە، نەک دەسەڵاتێکی تاکڕەو، دەوڵەت دەکا بە بوونێکی واقییعی. کەواتە، بە واتای هێگل، مرۆڤ منداڵی رۆژگارەکەی خۆیەتی، فەلسەفەش تەنیا دەتوانێ ئاییندەکەی خۆی دەستەبەر بکا. لێرەوە هێگل لەسەر ئەو بیرۆکەی خۆی مکووڕ بوو کە دەوڵەتی نەتەوەیی دەبێ سەروەری خۆی هەبێ.

لەوەش بترازێین، بەڵام ئەگەر هێگل کورد بووایە، بە دڵنیاییەوە لەو دۆخە سەرگێژەی ئێستای کورد رازی نەدەبوو. کەواتە، وێڕای دیدی مێتافیزکیی و گەوهەرگەرایی هێگلیش، کە وەک دەزانین، لە روانگەی فەیلەسووفە پۆستمۆدێرنیستەکانەوە جێگەی رەخنەیە، چونکە لە دیدی فەلسەفەی پۆستمۆدێرنەوە گەوهەرێک نییە کە بڕیار لەسەر نەگۆڕی روحی مرۆڤەکان بدا، یان کولتوور و مێژووی مرۆڤایەتی شتێکی نەگۆڕ نییە، بەڵکوو مرۆڤ و ژیان شتێکی بزۆکە و هەمیشەش لە گۆڕاندایە... هتد. کەچی فەلسەفەی هێگل، باس لە گەوهەر یان روحێکی نەگۆڕ دەکا، کە ئەو "روحەی مێژوو" دەبێ ئامانجێک دەستەبەر بکا تاکو لە روحی جیهاندا ئامادە بێ. وێڕای ئەمەش، بیرۆکەکانی هێگل لە هەمبەر ئەو دۆخە نەگۆڕەی کە کۆمەڵگای نەریتگری و باوکسالار، کە ئەو بە ستەمگەرێک "despot" ناودێری دەکا، رۆژهەڵاتیی بە گشتیی و کوردی بە تایبەتی لە نەریتیی و بێدەوڵەتیدا قەتیسماو کردووە، هێشتا جێگەی بایەخە. چونکە ئەگەر ئێمە سەرنج بدەین، دەبینین هەتا ئێستاش نەریتی پەرستنی سەرکردە لە روحی رۆژهەڵاتیی و کوردیشدا ئامادەییەکی بە هێزی هەیە. لەبۆیە کۆی ئەندام و لایەنگرانی حیزبی کوردی، وەک هێمایەکی پیرۆز و بەخشندە سەیری سەرۆکی حیزب دەکەن و پێشیان وایە ئەوە تەنیا سەرۆکەکانمانە کە کورد ئاسوودە دەکەن، نەک ویستی نەتەوە. هەموومان باش دەزانین و دەبینین، کە ئەمڕۆ ئێمە لە شەقام، خوێندگا، دائیرە و ... هتد، هەمیشە هەنیەمان بە وێنەی سەرۆک و سەرکردەکانی رۆژهەڵاتیی و کوردیش دەکەوێ. لەوەش زیاتر، هەتا ئەمڕۆش، وێڕای زارقەڵەباڵغی رووناکبیر و سیاسەتڤانی کورد لە چەمک و نای فەیلەسووفانی رۆژئاوا و ئاشقبوونی کۆمەڵگاش بە تەکینک و شتە رووکەشەکانی رۆژئاوا، کە چی ئاستی هزر رەوشی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی لە نێوەڕۆکدا هەمان ئەو کۆمەڵگایەیە، کە هێگل بەر لە سەد و حەفتا ساڵ باسی دەکا؛ واتا هێشتا کۆمەڵگایەکی نەریتگری نەگۆڕ و خاوەن دەسەڵاتێکی ستەمگەر، باوکسالارە، یان بە کورتی ئەو کۆمەڵگایە ئازاد نییە کە هێگل پێناسەی دەکا. لێرەوە ئەگەر کورد لە پرۆسە مێژووییەکەیدا، لە بری بەرهەمهێنانەوەی هەرەس و پەرستنی سەرکردەکان، ئامانجەکەی ویستی گۆڕانی بنەڕەتی کۆمەڵگای کورد و دەوڵەتی نەتەوایەتی بووایە، ئەوکات رەنگە ئەمڕۆ ئەو بیرۆکەی هێگل بۆ خوێندنەوەی دۆخی کورد ئەوەندە بایەخی نەبووایە.

هەرچۆنێک بێت، دوای کورتەیەک لە نمایشکردنی وێنایەک لەو پرۆسە ژێربێژییە مێژووییەی هێگل و

دیدی ئەو لە هەمبەر ڕۆژهەڵاتدا، ئاکامگیرییەک لە پیادەکرنی ئەو بیرۆکەیە دەستەبەر دەکەم.

## خوولانەوەی مێژووی ڕۆژهەڵات بە دەوری دەسەڵاتێکی ستەمگەردا

هێگل لە کتێبی"Historiens filosofi /فەلسەفەی مێژوو"دا، کە کۆوانەیەکە لە نێوان ساڵانی 1822-1831دا لە بەرلین پێشکەشی کردوون، باس لە بنەمای گریمانەی پرۆسەی ژێربێژیی مێژووی جیهانێک دەکا، کە ئەو مێژووە لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەستپێدەکا، چونکە ئەوروپا کۆتایی مێژووی جیهانە و ئاسیاش دەستپێکی ئەو مێژووەیە. بە واتایەکی دیکە: سەرەتای مێژوو لە ئاسیادا دەستپێدەکا و لە ئەوروپادا دەگاتە ئامانجی خۆی. مەبەستی هێگل ئەوەیە کە ئەوروپا دوای بڕینی قۆناغەکانی مێژوو، گەیشتە کۆمەڵگایەکی ئازاد و هەموو بەهایەکی ژیانی مەیسەر کرد. هێگل پێی وایە، لە مێژووی جیهاندا، بە واتای وشە، جیهانێکی ڕۆژهەڵاتی هەیە، لێ ڕۆژهەڵات بە بێ مێژووی جیهان لە ئارادا نییە. مێژوو، کە هێگل وەک دەروازەیەک بۆ "فەلسەفەی مێژوو" باسی دەکا، بە شێوەیەکی بازنەیی بە دەوریی گۆی زەوییدا ناخوولێتەوە، بەڵکوو مێژووی جیهان بڕیاریداوە کە ڕۆژهەڵاتێک هەیە، ئەویش ئاسیایە. لە ڕۆژهەڵاتدا "ڕووی دەرەکی فیزیکی ڕۆژ هەڵدێ ، بەڵام لە ڕۆژئاوادا ڕۆژ ئاوا دەبێ" (1)



هێگل

لەبۆیە خودئاگایی ناوەکی ڕۆژ لە ڕۆژهەڵاتدا هەڵدێ و ڕۆشناییەکی باڵا پەرش دەکاتەوە. مێژووی جیهان ویستی سروشتی مرۆڤ بۆ ویستی گشتی بەرزەفتدەکا، چونکە ویستی سروشتی لە بنەڕەتدا، هەستێکی کێویی و سەرهەڵگرتووە. بۆیە مرۆڤ لە پێناوی ئازادییەکی خودییەوە ئەو هەست و سۆزە کێوییە سروشتیانەی خۆی کۆنترۆڵدەکا. بەمجۆرە، لە ڕوانگەی هێگلەوە، وڵاتانی ڕۆژهەڵات ئازاد نین، چونکە لەوێدا تاکڕەوێک یان ستەمگەرێک باڵادەستە. هەر بۆیە ئێمە لە مێژووی جیهاندا، یەکەمین شێوەی ستەمگەری دەبینین. هاوکاتیش دیمۆکراتی و ئەرستۆکراتی، وەک شێوەی دووەم لە وڵاتی گرێک و ڕۆمدا دەناسین. دەسەڵاتێکی مۆنارکی، دەسەڵاتی پادشاش، وەک شێوەی سێیەم دەسەڵات دەبینین، کە بە جیهانی گێرمەنییەوە گرێدراوە.

هێگل دوای ئەو پۆلێنکردنەی لە پرۆسەی مێژووی جیهانیدا، دواجار جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئێمە دەبێ بزانین، دەوڵەت ڕوحی گشتی ژیانە، کە تاکەکەسەکان هەر لە دوای لە دایکبوونیانەوە خوویان بەوە گرتووە متمانە بەو دەوڵەتە بکەن. هاوکاتیش گەوهەر و بوونی ڕاستی تاکەکەسەکان لە خودی دەوڵەتەکەیاندا بەرجەستە دەبێت. لێرەوە ئازادییەکی کاکڵەدار (سۆبستانسیال/substensial) و ئازادییەکی خودگەرا (سۆبێکتیڤ/subjektiv) لێکجیادەبنەوە.

ئازادی کاکڵەدار، بە واتای هێگل، واتا ویستێکی ئاوەزیی، کە ئەو تەرزە ویستەش لە دەوڵەتدا دەفراژێ. لێ ئەو ویستە ئاوەزییە هێشتا خاوەن روانگە و ویستی خۆی نییە، کە وەک ئەوەی ئازادی خودگەرا هەیەتی. ئازادی خودگەرا، لە سەرەتادا لە کن تاکەکەسەکاندا هەیە و تێڕامانێکی تاکەکەسییە کە هەست بە بەرپرسیاریی دەکا. کەچی لە جیهانی ئازادی کاکڵداردا نەریت و قانوونەکان نەگۆڕن، چونکە لەوێدا تاکەکەسەکان دەبێ کوێرانە مل کەچ بن و ببنە کۆیلەی ئەو نەریت و قانوونانەی کە لە کۆمەڵگادا باڵادەستن، ئەو نەریت و قانوونانەش لە باوکێکی ستەمگەردا بەرجەستە دەبن کە تاکە کەسێکی ئازادە لە کۆمەڵگایەکانی رۆژهەڵاتدا. ئەو نەریت و قانوونانەش مەرج نییە ویستی هەموو تاکەکەسەکان دەرببڕن، لەبۆیە تاکەکەسەکان وەک منداڵ دەبێ مل بۆ خێزانەکانیان کەچ بکەن و خۆشیان خاوەن هیچ قسەیەک نەبن. بەڵام ئەوکاتەی کە مرۆڤەکان رۆدەچنە ناو روحی خۆیان و جیهانی دەرەکی جێدەهێڵن، ئیتر هزرێکی دژ بەو واقیعە داسەپاوە، واتا دژی ئەو نەریت و قانوونگەلە لە دایک دەبێ. کەواتە ئەو بەناو خۆ رۆچوونەی تاکەکەسەکان لە دژی ئەو واقعیە زاڵە، دابڕانێک لەگەڵ خوا و پیرۆزییەکانیدا، واتا نەریتە نەگۆڕەکانی کۆمەڵگا و دەسەڵاتەکەی دروستدەکا. لێرەوە، بە واتای هێگل، لە ئاگایی رۆژهەڵاتدا لە نێوان مرۆڤگەل، تاکەکەسەکان و خوا، نەریت و قانوونەکاندا، هیچ دابڕانێک لە ئارادا نییە. وتمان هێگل پێی وایە، لە نێوان ئازادیی کاکڵدار و ئازادیی خودگەرادا جیاوازی هەیە، لێ لە رۆژهەڵاتدا هێشتا ئەو جیاوازییە نییە.

ویستی خودگەرایی لە رۆژهەڵاتدا لە بڕوابوون، وابەستەیی و ملکەچکردنێکدا خۆیان نیشاندەدەن. لە ژیانی دەوڵەتدا ئازادییەکی بڕیاردەری ئاوەزییانەی نەگۆڕ هەیە. لێ ئەو ئازادییە بەرەو ئازادییەکی خودگەرا (سۆبژە)یی گەشە ناکا. هێگل ئەو قۆناغە بە قۆناغی منداڵیی مێژوو ناوزەد دەکا (2) لە رۆژهەڵاتدا خود لە بازنەیەکدا بە دەوری خاڵێکدا دەخووڵێتەوە، ئەو خاڵەش دەسەڵاتێکی باوکسالار، کەسێکی "despot "ە و لە پێشی پێشەوەی هەموو شتێکدا وەستاوە. لەوێدا ئەرکی ئەو باوکە باڵادەستە رەهایە ئەوەیە کە ژیانی نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگا بپارێزێ. ئەو نەریتانەش لە ناو رەگ و ریشەی قانوونە گشتییەکاندا رۆچوونە، روانگەی ریشاژۆی رۆژهەڵاتی، بە واتای هێگل، لە خود (سۆبژە)دا چڕ دەبێتەوە کە لەوێدا کۆی کۆمەڵگا وابەستەی ئەو خودە باڵادەستەن. لەو کۆمەڵگایەدا هەموو خەیاڵ و توانای مرۆڤ و زەنگینی سروشت بەو تاکە باوکە باڵادەستەوە دەبەخشرێن یان گرێدراون. لە دەرەوەی ئەو باوکە ستەمگەرەدا ئازادی هیچ مانایەکی نییە. هێگل پێماندەڵێ، لە ژێر سایەی ئەو باوکە باڵادەستە ستەمگەرەدا، تاکەکەسەکان زیرەکیی و بەهرەداری خۆیان لە بوونی ئەو باوکەدا ناسدەکەن نەک خودی خۆیان. بەمجۆرە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەو باوکەدا هیچ فراژان و گۆڕانکارییەک روو نادات. دواجار هێگل لە "فەلسەفەی مێژوو"ەکەیدا دەڵێ، هەر بۆیە کاتێک مرۆڤە کێوییەکان لە دەرەوەی رۆژهەڵاتەوە، کە دەکرێ هێگل، مەبەستی مرۆڤی بێگانە یان ئەو رۆشنبیرییە دەرەکییانە بێ، یان دەسەڵاتێکی دەرەکیی بێ، بۆ نموونە وەک ئەو دەسەڵاتە کۆلۆنیالیستانەی رۆژئاوا کە لە کاتی خودی هێگڵ رۆژهەڵاتیان داگیر کردبوو، یانیش مەبەستی هێگل خودی ئەو تاکەکەسە رووناکبیرە دەگمانە بێ، کە دێنە ناو رۆژهەڵاتەوە، دواجار ئەو "مرۆڤە کێوی"یانە کە دێنە

ناو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتەوە، یان دۆخی ڕۆژهەڵات تێکدەدەن یانیش ئەگەر ئەو "مرۆڤە کێوییانە" یان "بێگانانە" بخوازن لە ڕۆژهەڵاتدا بژین، ئەوکاتە ناچار دەبن واز لەو کێویاتییەی خۆیان بهێنن، کە بەمەش کاکڵە (سوبستانس)ی خۆیان دەدۆڕێنن. (3) بە دیوێکدا ئێمە ژیانی شوێنی ئەو وڵاتە نەگۆڕانە، وەک "مێژوویەکی بێ مێژوو" دەبینین، بۆ نموونە لەوێ لە وڵاتی چیندا کە دەوڵەت لەسەر بنەمای پەیوەندی خێزان و حکومەتێکی باوکسالاری دامەزراوە. ئەو دەوڵەتە لە ڕێگای ئامۆژگاریی، دەستپێوەگرتن و سزاوە گشت پێکهاتەکانی کۆمەڵگا کۆنترۆڵدەکا. ئەو چەشنە وڵاتە، هێگل واتەنی، وەک وڵاتێکی ئەفسانە ئامێزە، چونکە هێشتا شێوە دژەکەی، واتا شێوەی بێکۆتایی و ناسنامە نەهاتوونەتە ناو ئەو وڵاتەوە. بە دیوێکی دیکەشدا، لەبەر ئەوەی شێوەی کات لە بەرانبەر شوێنی ناو وڵاتدا وەستاوە. بە واتایەکی دیکە: لە ڕوانگەی هێگلەوە، جیاوازی سەرەکی لە نێوان بیرکردنەوەی کۆمەڵگایەکی نەریتگەرا و کۆمەڵگایەکی نوێباو، لە تێگەیشتن لە کاتدا بەرجەستەدەبێت: کۆمەڵگا نوێباوەکان یان ڕۆژئاواییەکان کات وەک ئاراستەیەکی ئاسۆیی سەیر دەکەن، کە ڕەوتەکەی بەرە پێکانی دوا ئامانجی مێژووە، کەچی کات لە کۆمەڵگایە نەریتگەرایەکاندا وەک جووڵەیەکی بازنەیی فامدەکرێ؛ واتا بە پێچەوانەی تێگەیشتنی کات لە ڕۆژئاوادا، لە ڕۆژهەڵاتدا مرۆڤ بڕیار لەسەر گۆڕینی کات نادا، بەڵکوو سروشت بڕیار لە سەر جووڵەی کات دەدا. بۆ نموونە کات لە کۆمەڵگایەکی وەک کورددا بە سرووشتی وەرزەکان، هات و چۆی ئەستێرەکانەوە دەگۆڕێ نەک توانای مرۆڤەکان. بەمجۆرە ئەو دەوڵەتانە بێ ئەوەی لە پرینسپدا بگۆڕێن، لێ ئەو چەشنە دەوڵەتانە لە گۆڕانێکی بێکۆتایی و لە ململانێ و شەڕێکی بێکۆتاییدا خۆیان دەبیننەوە، کە ئەمەش وا لەو دەوڵەتانە دەکا بە خێرایی بڕوخێن. لەو ئاراستەیەی دەوڵەت بەرەو دەرەوەی خۆیدا، لەو بەر بەرەکانێ و شەڕەملێیانەی ناوەوەی کۆمەڵگادا، ئەگەری سەرهەڵدانی پرینسیپێکی تاکەکەسی دێتە ئاراوە، لێ ئەو ئەگەرە هێشتا خاوەن ئاگایی خۆی نییە، بەڵکوو هەستێکی گشتییانەیە. هێگل ئەو ئەگەرە وەک "ڕووناکی ڕوحێکی تایبەتمەند" وێنا دەکا کە هێشتا دەرنەکەوتووە. هاوکاتیش ئەو مێژووە هێشتا بەشی هەرە زۆری بێ مێژووە. چونکە ئەو مێژووە تەنیا دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو پادشایەتییە داڕماوەیە.

ئەو مێژووە کە لە ڕێگای ئازایەتیی و وزەوە دەست بەسەر ئەو دەسەڵاتە کۆنەی پادشایەتییەدا دەگرێ، لیبەڵێ هاوکات ئەو مێژووە نوێیەش بە هەمان بازنە و داڕماندا تێدەپەڕێ. لەبۆیە ئەو داڕمانە واقیعیی نییە، چونکە دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییە شپرزەیە هیچ گەشەسەندێک ڕوونادا. بەمجۆرە مێژوو تەنیا لە ئاستی دەرەکییەوە ڕێدەکا، واتا بە بێ بوونی ناوکۆیی مێژووە ڕابردووەکەی بەرەو ناوەڕاستی ئاسیادا ڕێدەکا. هێگل دەڵێ ئەگەر ئێمە ئەو مێژووەی ئاسیا لەگەڵ تەمەنی جیاوازی مرۆڤەکاندا بەراورد بکەین، ئەوکات ئێمە دەتوانین ئەو مێژووەی ئاسیا بە تەمەنی مێردمنداڵێک بچووێنین. ئەو مێردمنداڵە کە چیتر لە قۆناغی هێمنی و ملکچی و بڕواداریدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکوو ئێستا لە بری ئەوە بەرەو دەرەوەی خۆی هاوار دەکا. (4) بەمجۆرە کاتێک ئەو مێژووە لەو تەمەنە مێردمنداڵییەیدا ناتوانێ بەرەو قۆناغی گەورەیی بڕوات، دوا ئامانجە مێژوویەکەی بپێکێ ئیتر وەک

بەرتەکێک بە رووی دەرەوەی خۆیدا هاوار دەکا.

بەمجۆرە، وەک هێگل پێمان دەڵێ، ئەو مێژووە گەشەی ئاگایی ئازادی مێژوو، مرۆڤ دەگێڕێتەوە. لەمەڕ ئەو ئاگاییەی ئازادییدا، هێگل دەڵێ: "لەوێدا لە دۆخی ستەمگەری ئاسیادا تەنیا ***کەسێک***، یەک ستەمگەر (despot) ئازاد بوو، بە هۆی کۆیلەیی کۆمەڵگای ئەنتیکەوە ***چەند کەسێک*** ئازاد بوون، کە دەگەینە کۆمەڵگای مۆدێرنی مەسیحی لەوێدا هەموو ئازادن." (5) بەر لەوەش هێگل باس لەوە دەکا، بوونی "چەند کەسێکی ئازاد لە گریکی کۆندا، نەک ئازادی مرۆڤ وەک خۆی"، هەر تەنیا پەیوەندی بە بوونی کۆیلە و ئەشقی جوانی لە ژیانی گریکییەکانەوە نەبوو، بەڵکو خودی ئازادی گریکییەکان بەشێکی، بە واتای هێگل، وەک گوڵێکی کاتی سیس، سنووردار بوو، بەشەکەی دیکەشی لە یەک کاتدا پەیوەندی بە کۆیلایەتییەکی سەختی مرۆڤایەتییەکی راستینەوە هەبوو. لێ ئازاد بوونی گەلی گێرمەنی، وەک هێگل دەڵێ ئەوکاتە دەستییپێکرد کە: "ئایینی مەسیحی ئەوەی خستە ئاگاییەوە کە مرۆڤ وەک خۆی ئازادە، ئازادی روح سروشتی ناخی ئەو مرۆڤە پێکدەهێنێ. لە سەرەتادا ئەو ئاگاییە لە ئایین، لە ناخی دەڤەری روحدا سەریهەڵدا؛ لێ بنیاتنانی ئەو پرینسیپە تەنانەت لە گەوهەری جیهانیشدا، ئەرکێکی دیکە بوو، چارەکردن و گواستنەوەی ئەو پرینسیپە پێوسیتی بە کاری بنیاتنانێکی بێوچانی سەختە. (6) دواجار هێگل باسی ئەوە دەکا، کە هاتنی ئایینی مەسیحی، بۆ نموونە، راستەوخۆ نەیتوانی کۆیلایەتی هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام وێڕای ئەمەش، ئەو ئازادییە وەک پرینسیپێک لە دەوڵەتەکان، حوکمەت، دەستوورەکاندا بە شێوەیەکی ئاوەزیانە باڵادەست بوو. چونکە هێگل پێی وایە ئایینی مەسیحی هەڵگری پەیامی چەشنە ئازادییەک بوو، بەڵام نەیتوانی ئەو ئازادییە بکاتە کردەیەک، دواجار لەگەڵ دەست بەکار بوونی دەوڵەتە نوێباوەکان ئەو ئازادییە بەرجەستەکرا.

لێ لە روانگەی هێگلەوە، دەسەڵاتی ئەو باوکە باڵادەستەی وڵاتانی رۆژهەڵات، کە لەسەر بنەمای ویستێکی سۆزئامێز و هەستەکییدا دامەزراوە، بڕیار لەسەر هەموو شتێکدا دەدا. ئەو باوکە یەکاتییەکە لە نێوان تەواوی تاکەکەس و ئاپۆرەی خەڵکدا. ئەو تاکەکەسانەی کە لەناو ئەو یەکاتییە نەریتگەرایەدا دەژین ناچارن ژیانێکی نەریتی بەسەر بەرن. هێگل لە درێژەی "فەلسەفەی مێژوو"ەکەیدا ئەوە جەختدەکاتەوە، کە چونکە ئەو باوکە باڵادەستە ستەمگەرە لەسەر سۆز سازێنراوە، لەبۆیە ئەو باوکە ناتوانێ نەتەوەکەی لە مێژووی جیهاندا ئامادە بکا. چونکە ئەرکی دەسەڵاتدار، وەک نوێنەرێک لە نەتەوەکەی، دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتیی و کۆمەڵگایەکی ئازادە. "کەواتە مرۆ دەبێ بزانێ کە دەوڵەت واتای ئازادییە، رەهاترین ئامانجی کۆتاییە. هاوکاتیش مرۆ دەبێ بزانێ کە هەر بەهایەک کە مرۆڤ هەیەتی، هەر روحییەتێکی واقیعی کە ئەو مرۆڤە هەیەتی، لە رێگای دەوڵەتەوەیە." ( 7)

وێڕای ئەمەش، لە بەرانبەر ئەو وێنایەی رۆژهەڵاتدا، هێگل لە درێژەی "فەلسەفەی مێژوو"ەکەیدا باس

لە "روحی جیهان"ێکی جەرمەنی یان رۆژئاوایی دەکا کە هەوڵی یەکەمی ئەو روحە ئەوەیە کە راستییەک لە خۆی نیشانبدا، کە دواجاریش لەو پرۆسەیە ژێرێژییەدا توانی ئەو ئازادییە بپێکێ. ئەو روحە، بە واتای هێگل، وێنای مرۆڤێک دەسازێنێ کە چۆن روحی مرۆڤ لە پرۆسەی مێژووییەکەیدا گەشە دەسێنێ، تواناییەکان ئەزموون دەکا، خودی خۆشی ئەزموونێک دەسازێنێ و بەسەر ئاستەنگەکان سەردەکەوێ تاکو هەقیقەتەکەی بە دەست بهێنێ. بە کورتی هێگل پێی وایە: "هەموو زانیارییەک ئاکامێکە لە پرۆسە مێژووییەکەی. ئەو پرۆسەیە یەکاتییەک لە نێوان ژیربێژیی و مێژوودا پێکدەهێنێ." (8)

لێرەدا روح واتای گەڕانە بە دوای ئازادی، کە بە بڕوای هێگل، واتای ئاوەز، زانین و فەلسەفە دەگەیەنێ. ئەو پرۆسەیەش بە ڕێگایەکی ژیربێژ (لۆگیک)ی دێتە کایەوە، کە ئەمەش بە "میتۆدی دیالێکتیکی" ناسراوە، لێ هێگل ئەو پرۆسەیە بە "لۆگیک" ناوزەد دەکا. هێگل پێی وایە لەو پرۆسە زانیارییەدا، ئەو یەکاتییەی کە لە نێوان تاکەکەس و خەڵکدا دروست دەبێ، هیچ ناکۆکییەک روونادا.

بە دیوێکی دیکەش، هێگل وەک فەیلەسووفێکی بۆرژوازی، پێی وایە فراژانی ئاوەز و ئازادی پەیوەندی بە گۆڕان و گەشەسەندنی مافی خاوەندارێتی سەرمایەدارییەوە هەیە. لەبۆیە لە رۆژئاوادا فەلسەفەی مێژوو ئامانجی خۆی پێکاوە.
هەڵبەتە ئەو پرۆسە لۆگیکییەی هێگل پرۆسەیەکی مێژووییە؛ چەشنە پرۆسەیەکی ژیربێژانەیە. مێژوو، لە کن هێگل، بە شێوەیەکی ژیربێژانە دەفراژێ. لێ لێرەدا مەبەست لە گۆڕانی ئەو مێژووە، گۆڕانی شێوەی کات نییە، بەڵکوو مەبەست بەرجەستە کردنەوەی روحێکە لە پرۆسیەیەکی ژیربێژییدا. لێرەوە ئەو دیالێکتیکەی کە "روحی جیهان" دەئافرێنێ لە جەم سۆبژە (خود)ێکدا هەیە کە خۆئاگاییەکی هەیە. بۆ ئەوەی ئەو سۆبژە خوئاگایە خۆی بەرجەستەبکاتەوە دەبێ لە خودی خۆیدا بچێتە دەرەوە، چونکە ئێمە ئەوکاتە لەسەر خودی خۆمان بە ئاگا دەبین کە ئاگاییمان لەسەر ئەواندیکەدا هەبێ. واتا کاتێک ئەواندیکەمان وەک بێگانەیەک ناسکرد، ئەوکاتە ئێمەش لە بەرانبەر ئەواندا خۆمان دەناسێنین، زانیاری لەسەر خۆمان دەستەبەر دەکەین و لە بەرانبەر ئەوانیدیکەدا دەردەکەوین. بەڵام وەک بینیمان، هێگل پێی وایە، ئەو خودەی رۆژهەڵات لە خۆیدا ناچێتە دەرەوە، بەڵکوو تەنیا بە دەوری ئەو باوکە ستەمگەرەدا دەخولێتەوە؛ ئەو خودە رۆژهەڵاتییە لە پرۆسە بازنەیی، نەگۆڕەکەیدا هەمیشە روحی ئەو باوکە ستەمگەرە بەرهەمدەهێنێتەوە.

شایەنی وتنە، هێگل لە کتێبی "Fhänomemologie Geistes/فینۆمینۆلۆگیی روح"دا بە وێناکردنی پەیوەندی لە نێوان کۆیلەدار و کۆیلەدا، ئەو گریمانەی خۆیمان بۆ بەرجەستە دەکاتەوە. بە کورتی هێگل لەوێدا باسی ئەوە دەکا، کە لە ئاکامی ململانێی نێوان کۆیلە و کۆیلەداردا، کۆیلەدار بەسەر کۆیلەدا زاڵ دەبێ. دواجاریش کۆیلە دان بە کۆیلەدار دەهێنێ، لێ کۆیلەدار دان بە کۆیلە ناهێنێ، وەک

مرۆڤێک بە رێزەوە سەیری ناکا.
کەچی لە کتێبی "فەلسەفەی مێژوو"دا، ئەو کۆمەڵگایە مۆدێرنەی ئێستای رۆژئاوا، بە ئاکامگیرییەک لە پرۆسەی ئەو گۆڕانکارییانەی کۆمەڵگای رۆژئاوادا پێناسە دەکا، کە کۆمەڵگایەکان لە سەدەی نێوەڕاستدا بە دژی کۆمەڵگای قووچەکی (هارارکی) دەرەبەگایەتیدا هەڵدەشاخێن. هێگل بەرەنجامی ئەو گۆڕانکارییانە بەسەر سێ "بەرتەک" پۆلێن دەکا:

"یەکەم بەرتەک"، لەوێدا کۆمەڵگا لە قۆناغێکی تژی لە دژایەتی و تەڵەکەبازییدا دەژی، ئەمەش ژیان و روحێکی تایبەت بە خۆی دەسازێنێ. لەو قۆناغەدا، وەک دەستپێکێک، بەرتەکی تاکە نەتەوەکان بە دژی ئەو دەوڵەتە گشتییە باڵادەستەی فەرەنسا سەرهەڵدەدا. هێگل "دووەم بەرتەک" بە بەرتەکی تاکەکەسەکان ناوزەد دەکا، کە دژی ئەو دەوڵەتە قانوونییە و قەڵەمڕەوە دەبنەوە. بەمجۆرە لە ئاکامی ئەو بەرتەکەدا ئەڵقە گشتییەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت لاواز و مەحف دەبنەوە. لەوێدا تاکەکەسەکان پەنا دەبەنە بەر کەسە بە هێزەکان و بەمەش ئەوان دەبنە چەوسێنەر. دواجاریش هێگل "سێیەم بەرتەک"، بە بەرتەکی روحانی کڵێسە ناودێر دەکا، کە لەوێدا کڵێسە بە دژی ئەو دۆخە سەپاوە رادەسێن.
هاوکاتیش هێگل لە کتێبی "ئاوەز لە مێژوو"دا باس لەو پرۆسە ژیربێژییە دەکا کە چۆن بەرەو ئامانجە مێژووییەکەی گەشە دەکا. چەمی "گەشەکردن" یان وەرچەرخان، لە دیدی هێگلدا، رەهەندی خۆی هەیە. چەمکی گەشەکردن، وەک هێگل دەڵێ: "لەوە زیاتر هەڵدەگرێ، بڕیارێکی ناوەکییە، لە خودی خۆیدا مەرجێکی قەبووڵکراوە، کە خۆی بۆ بوون ئامادە دەکا، خۆی دەکاتە بنەمایەک. ئەو بڕیارە فۆرمێلەش سەرەکییە." (9) ئەو گەشەکردن، پێشکەوتنەی کە هێگل باسی دەکا لە پرۆسەکەیدا بە شێوەیەکی ئاسان ناخەملێ، بەڵکوو پرۆسەیەکی دژوارە و هەمیشە یەکانگیری ئەو لەمبەرە دژانە دەبێتەوە کە دێنە پێشی. ئامانجی ئەو پرۆسەیەش کردەی گەوهەری روحێکە، کە خواستی ئازادییە.
هێگل ئەو پرۆسەی گۆڕانە لەگەڵ رواڵەتی سروشت بەراورد دەکا. بە دیدی هێگل، چونکە مرۆڤ خاوەن "روح"ە بۆیە گۆڕانی بەسەر دادێ، کەچی چونکە سروشت ئەو "روح"ەی نییە، بۆیە ناگۆڕێ. مێژووی جیهان، وەک هێگل باسی دەکا، لە بنەڕەتدا ئامادەیی روحە لە کاتدا، کەچی بیرۆکەی سروشت لە شوێندا، واتا لە نەگۆڕییدا دەسووڕێتەوە. هاوکاتیش هێگل لە هەمان کتێبدا، جیهانی رۆژهەلات، یان بە واتای ئەو "موحەمەدیی"ەکان وێنا دەکا: " لە جیهانی موحەمەدییدا، کە خۆی روحێکی رووت ئەبستراکت"ە تاکە خوایەک بوونی هەیە بەڵام لەبەرانبەر ئەوەدا پرینسیپیکی بێ جڵەو وەستاوە - لە جیهانی رۆژئاوای مەسیحییدا؛ پرینسیپێکی باڵا، گەیشتۆتە روحی زانیاری لەسەر خۆی و قووڵایی خۆیدا." (10)

بەمجۆرە فەلسەفەی هێگل باس لە پرۆسەی بووناندنی روحی خودێک دەکا، کە نیگەرانییەک، بوونی کۆمەڵێک دۆخ و گرفتاریی وایلێدەکا بەرەو ئامانجێک رێبکا. ئەو روحە، لە روانگەی هێگلەوە، لە

پێداویستی دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت. با گوێ لە هێگل بگرین: "دەوڵەت روحێکە، کە لە جیهاندا هەیە و بە ئاگایانە خۆی لە جیهاندا بەرجەستە دەکا. – ئەو روحە تەنیا لە دەوڵەتێکدا، لە روحی جیهاندا دەبێتە خاوەن ئاگایی، وەک بابەتێکی دانپیاهێنراو خۆی دەناسێتەوە." (11)
هێگل لە کتێبی "فەلسەفەی مێژوو"دا وردتر باس لەو پرۆسە ژیربێژییە مێژووییە و خودە بە ئاگایە دەکا. بە بڕوای هێگل، پرۆسەی ئەو مێژووە ژیربێژییە لەوەدا بەرجەستە دەبێت "کە ئاوەز بەرپەرچی جیهان دەداتەوە و بەمجۆرە لە هەمان کاتیشدا مێژووی جیهان بەرەو گەیشتن بە ئاوەز دەڕوا" (12)

ئەو ئاوەزەش ، بە دیدی هێگل، لە دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت. لەوێدا دەوڵەت بەڕێوەبەرێکی سەرەکی هەموو دامەزراوەکانە، کە روحی مرۆڤەکان دایانهێناون. بەمجۆرە ئەگەر ئێمە بیر لە بیرۆکەی دەوڵەت بکەینەوە، ئەوکاتە ئێمە پابەند دەبین بە یەکایەتییەکی فرەرەهەند نەک یەکایەتییەکی تاکرەهەند. ئەم دیدەش پەیوەندی بە فەلسەفەی مێژووی هێگلەوە هەیە. هێگل پێی وابوو، کە ویستی راستی تاکەکەس وەک ویستی خەڵک وایە. کاتێک ویستی تاکەکەس لەگەڵ ویستی گشتی خەڵک دەبێتە یەک و کاتێکیش هەموو تاکەکەسەکان پێکڤە خولیای دامەزراندنی دەوڵەت دەبن، ئیتر هەموویان تەواو ئازاد دەبن. وەلێ پێویستە ئەوە جەختبکەینەوە، کە هێگل پێی وابوو دەوڵەتێکی پێگەیشتوو بێگومان رێز لە ئازادی تاکەکەسەکان دەگرێ. کەواتە ئەو یەکاتییەی کە تاکەکەس و خەڵک لە پێناو دەوڵەتدا هەڵیانبژاردووە، مانای ئەوە نییە، وەک ئەوەی لە رۆژهەڵات و لە کوردستانیش لە ئارادایە، کە دەبێ تاکەکەسەکان واز لە ئازادییەکانی خۆیان بهێنن، ئازادی خۆیان لە ئازادی ئەو باوکە باڵادەستە فامبکەن. ئەو دەوڵەتەی کە هێگل بە دوا ئامانجی تاکەکەس و گشت خەڵکی پێناسەی دەکا، تاکرۆ و ستەمگەر نییە، بەڵکوو لە یەکایەتییەکەیدا دەوڵەتێکی فرەرەهەند و ئاوەڵایە.

هەڵبەتە لە کن هێگلدا مێژووی جیهان وێنایەکە لەو روحەی کە کار بۆ دەستەبەرکردنی زانیاری لەسەر خودی خۆی دەکا؛ مێژووی جیهان، "وەک تۆوێک لە خودی خۆیدا هەڵگری گشت سروشت، تام و شێوەی میوەی درەختێکە." (13) لێرەوە، بە بڕوای هێگل، دەوڵەتەکان هەڵگری مێژوون: "لە مێژووی جیهاندا بێجگە لە پرسی گەل کە خۆی دەوڵەت دەسازێنێ هیچ شتێکی دیکە نییە." (14) چونکە دەوڵەت "ئازادی دەگەیەنێ، واتا باڵاترین ئامانجی بە واقیعبوونە." هەموو بەهای مرۆڤەکان، گشت روحیەتە واقیعییەکەی "تەنیا بە هۆی دەوڵەتەوەیە". هەر بۆیە هێگل نەتەوە بێ دەوڵەتەکان بە نەتەوەی مێژوویی سەیر ناکا؛ نەتەوەی بێ دەوڵەت هێشتا لە دەرەوەی مێژووە؛ ئەو نەتەوە بێ دەوڵەتە لە مێژووی جیهاندا ئامادەیی نییە.

بەمجۆرە رۆژهەڵات، لەوانەش وڵاتی چین هەمیشە لە شێوەی خۆیدا قەتیسماوە. هێگل لە "فەلسەفەی مێژوو" و "ئاوەز لە مێژوو"دا، ژیربێژی چەمکی پێشڤەچوون وەک هاوتەریبییەک لەگەڵ مێژوودا

سەیر دەکا، کەچی چین شێوەیەکە لە بوونێکی تەواو بێ خەسڵەت؛ نەگۆڕ. بۆیە چین دەکەوێتە دەرەوەی پرۆسەی ژیربێژیی پێشڤەچوون. ئەو نەگۆڕییە، بە واتای هێگل، هیندستانیش بە خۆیەوە دەگرێ، چونکە خۆی جیهانێکی نەگۆڕی بێ کۆنترۆلە، بۆیە لەوێدا ناکرێ هیچ دیمەنێک لە یەکتری جیابکەینەوە. بە واتایەکی دیکە: هیندستان نموونەی مێژوویەکە لە نەبوونێکی بێ خەسڵەتدا. لێرەدا دەبێ بڵێین، کە نەریت"ی نەگۆڕان، خەسڵەتێکە لەگەڵ دەستپێکی ژیانی کۆمەڵگایەکدا دەستی پێنەکردووە، بەڵکوو نەریتەکانی کۆمەڵگا دوای کەڵەکەبوونی ئەزموونەکانی کۆمەڵگا بەرجەستە بوونەتەوە.

لەوەش بترازێین، لەو روانگەیەی هێگلەوە، "رۆژهەڵاتییەکان هێشتا نازانن، کە روح یان مرۆڤ وەک خۆی ئازادە؛ چونکە ئەوان نازانن، ئەوان ئەوە نین. ئەوان ئەوە دەزانن کە ***تاکێک*** ئازادە؛ بەڵام هەر بۆیە بۆ ئەوان ئەو جۆرە ئازادییە، سۆزێکی وابەستەییە و هاوکاتیش ئەو ئازادییە تەنیا دەراوێتە نییە یان جەڵەبی نییە. بۆیە ئەو ***تاکە کەسە*** ستەمگەرە، پیاوێکی ئازاد نییە." (15) لێرەوە هێگل پێی وایە، کە ئازادی چەمکێکی ناوەکییە و بڕیارێکی ژیربێژیی بەرهەمیهێناوە. هاوکاتیش ئازادی پەیوەندی بە ئامانجێکی گشتی کۆمەڵگاوە هەیە، ویستێکی هاوبەشی کۆی کۆمەڵگایە کە لە پێناوی بەختەوەریی گشتیی، یان هێگل واتەنی، لە پێناوی شکۆمەندی وڵاتی دایکدا دێتە کایەوە. کەچی کۆمەڵگای سۆزداری رۆژهەڵات، بە پێچەوانەی کۆمەڵگای رۆژئاوا، ویستی خەڵک لە پێناوی ئازادی "سۆزەکان، ئامانجی حەزی تاکە کەسێکی باڵادەستە، تێرکردنی خۆویستەکانە؛ بۆیە ئەو تاکە کەسە، باوکە باڵادەستە گوێ بە هیچ سنوورێک نادا کە قانوون و نەریت بۆی داناوە." (16)

هەڵبەتە کۆمەڵگایە نەریتگەرایەکان بە هاوئاهەنگییەک لەگەڵ ژینگەکەیاندا گەشە دەکەن.

کەواتە لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە پەیوەندی بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە، بە بڕوای هێگل، ئەوکاتە تیۆرییەکی سیاسی سەرهەڵدەدا، کە کولتوورێک، نەتەوەیەک پێشتر پێگەیشت بێت، خاوەن پرینسیپی ئازادی بێت، خاوەن ئاگاییەکی خەملیو بێت و ئامادەیی ئەوەی هەبێت کە شوێنێک، قەوارەیەک بە نەتەوەکەی خۆیی و ئەوانیدکەش ببەخشێ.
هەتا ئێرە هەوڵماندا وێنایەکی چکۆلە لەو مێژووە جیهانییەی هێگل نمایش بکەین.

**تێبینی: ئەم وتارە بە چەند بەش لە هاوڵاتی بڵاوکراوەتەوە.**